سەرکایەتی پەرلەمان هاوخەمی بە شەهیدبوونی خامنەیی و ژمارەیەک لە ڕابەرانی ئێران دەردەبڕێت

ئەمڕۆ یەکشەممە،سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران،پرسەو سەرخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی ئێران کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، سەید "عەلی خامنەیی" و ژمارەیەک لە سەرکردە ئێرانییەکان.

سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، تیایدا ڕایگەیاندووە: بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران "سەید عەلی خامنەیی " و ژمارەیەک لە سەرکردە ئێرانییەکانمان پێگەیشت.

ئاماژەی بەوە شکردووە: لەم کەستە گەورەیەدا سەرخۆشی لە گەلی بەڕێزی ئێران دەکەین و جەخت لەسەر هەوەستی نەگۆڕی عێراق دەکەینەوە کە داوای ڕاگرتنی شەڕ و گۆڕانەوە بە سەر مێزی گفتوگۆ و پێنابردن بە ئامرازە ئاشتیانەکان دەکات کە یاسا نێودەوڵەتییەکان پەسەندیان کردووە، بە جۆرێک کە گەلانی ناوچەکە لە هەشتنی خوێنی زیاتر و زیانەکان بپارێزێت و ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی بپارێزێت.